# نارین فەقە:
# هونەرمەندان ڕۆڵی خۆیان لەڕووی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بینیوە



خانەوادەیەکی هونەر دۆست پەروەردە بووە و خاوەن دەنگێکی ڕەسەنی کوردییە، لە ڕێگای کارە هونەرییەکانییەوە نارین فەقە توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە هونەری کوردی بکات، نارین فەقە کچی هونەرمەند جۆدیە، لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە چەند پرسێکی ئانییە زمان لە ڕێگای گۆڤاری گوڵانەوە.

سەرەتا سەبارەت بە کار و بەرهەمی نوێی خۆی، نارین فەقە وتی: بێگومان بەرهەمی نوێم دەبێت، بەڵام من یەکێکم لەو هونەرمەندانەی کە لە کاری هونەریدا پەلە ناکەم و هیچ کارێك بەبێ پلانێکی پێش وەختە ئەنجام نادەم، چونکە هونەری پێویستی ناسنامەیەکی تێدا و ئامانجێکی هەبێت و جگە لە گۆرانییەکانی ئەڤینداری، پێویستە پەیامێك بە خەڵك بگەیەنێت، لە دوای ئەلبوومی (زمانێ دایێ و سەمفۆنیای شنگال)، ئێستا سەرقاڵی چەند بەرهەمێکی سنگڵم کە لە سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی و گۆرانی فۆلکلۆری و ئەڤینداری پێکهاتووە بە ستایلە جیاوازەکانەوە، لە ئێستادا ناتوانم کاتی بڵاوکردنەوەیان دیاری بکەم، بەڵام من بەردەوامم لە کاری هونەری.

نارین هۆکاری بڵاوکردنەوەی گۆرانی سینگڵ بۆ نەبوونی بازاڕ گەڕاندەوە و گوتی: بازاڕی کارە هونەرییەکان مردووە، ئێستا لە سەرتاسەری جیهان سۆشیال میدیا کۆنترۆڵی بەسەر بازاڕدا کردووە، وەك جاران کڕینی ئەلبووم نەماوە، تەنانەت من لەو باوەڕەدام کە بە یەکجاری نەمینێت، بۆیە کاری سنگڵ بۆ هونەرمەندی کورد بەتایبەتی لەبەر ئەوەیە کە هونەرمەندانی کورد هیچ مافێکیان بەسەر ئەلبوومەکانی خۆیدا نەماوە و بە ئاسانی کۆپی دەکرێ و مافی پارێزراو نییە، من زۆر جار دووچاری ئەو کارە بوومەتە و بەرهەمەکانی من بەر لەوەی بڵاو بکرێتەوە، کۆپی کراو، لەبەر ئەوە کارێکی نۆرماڵە کاتێك هونەرمەندانی کورد روو لە کار سینگڵ دەکەن چ بە گۆرانی یان کلیپ، هەروەها هونەرمەند خۆی دەزانێت چۆن بەرهەمەکەی خۆی بڵاو دەکاتەوە و سوودی لێ دەبینێت جا بە سنگڵ بێت یان ئەلبووم، بەڵام گرنگ ئەوەیە هونەرێکی رەسەن و جوان پێشکەش بکات، چونکە ئەلبووم سەرمایەی هونەرمەندە بۆیە گرنگ ئەوەیە هونەرەکەی رەسەن بێت ئەو ئەلبوومە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەهاکەی بەرزتر بێتەوە. دیارە کە هەر کەسێك ناتوانێت ببێت بە هونەرمەند، بەداخەوە ئێستا هەر کەسێك بیەوێ مایکەکەی بەرز دەکاتەوە دەست بە گۆرانی دەکات و خۆی بە هونەرمەند دادەنێت لەبەر ئەوەی هیچ فلتەرێك نییە بۆ ئاستی هونەرمەندان. گرنگ ئەوەیە ئەو هونەرمەندانەی ئێستا لە گۆڕەپاندان بتوانن هونەرێکی رەسەن و پرۆفیشناڵ پێشکەش بکەن و خزمەتێك بە هونەری نەتەوەکەمان بگەیەنین.

لە بارەی پەیوەندی نێوان هونەر و سیاسەت بەتایبەتی بۆ هونەرمەندی کورد نارین دەڵێ: پێموایە هونەر و سیاسەت دوو کاری جیان و پێویستە هیچ کاتێك هونەرمەند نەبێتە هۆکارێك بۆ بڵاوکردنەوەی سیاسەت لە نێو کارە هونەرییەکانی خۆیدا، بەڵام کارێکی زۆر ئاساییە کە هونەرمەند لە بەرهەمەکانی خۆیدا باس لە خۆشەویستی وڵات و نیشتمان و نەتەوە بکات، ئەمە کارێکە من هانی هەموو هونەرمەندان دەدەم کە گرنگی زیاتر بەم لایەنە بدەن، چونکە ئەمە ئەرکی هونەرمەندە بەتایبەتی لە کاتی پرسە چارەنوسسازەکان کە رووبەڕووی میللەتەکەمان دەبێتەوە و پێویستی بە یەکریزی و تەبایی هەیە.

سەبارەت بە رۆڵی هونەری کورد لە کێشە نەتەوەییەکان نارین دەڵێ: ئەوەی من لە دوای شەڕی تیرۆریستانی داعش لە میدیای کوردی تێبینیم کردووە، ئەوە بوو کە بەڵێ هونەرمەندانی کورد رۆڵی خۆیان بینیوە لەو شەڕەدا و درێغییان نەکرد و نەوەستان لە کارە هونەرییەکانیان دەربارەی کوردستان، پێشمەرگە، شەهید ئەمەش مایەی دەستخۆشییە، بەڵام دواتر تێبینم کرد کە هەندێك فلتەر نەما و هەر هونەرمەندێك بە ستایلێکی تایبەتی خۆیەوە کاری هونەری پێشکەش کرد، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە دوو لە بەرهەمە هەر گەورەکان کە لەم سەردەمەدا پێشکەش کران دژ بە تیرۆر و تیرۆریستان و هەموو دوژمنانی کورد و کوردستان هەردوو بەرهەمی (پێشمەرگە و شنگال) بوون کە بەڕاستی شوێنی خۆیان لە نێو هونەری کوردیدا کردووە و بوونەتە دوو بەرهەمی دەوڵەمەندی نێو مێژووی هونەری کلاسیکی کوردیدا، من خۆشحاڵ و سەربڵندم کە وەك هونەرمەندێکی رۆژئاوای کوردستان لە سیمفۆنیای شنگالدا بەشداریم کرد، لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی تۆڕی میدیای رووداو و مامۆستا دڵشاد محەمەد سەعید بکەم کە زۆر ماندوو بوون لەو دوو بەرهەمەدا هەر لە سەرەتای دروستبوونی بیرۆکەکەیان تا کۆتاییان، هەروەها سوپاسی هەموو هونەرمەندە بەشداربووەکان دەکەم کە توانییان رۆڵی خۆیان ببینن، بە شێوەیەکی گشتی هەر هەموو بەرهەمەکان خزمەتیان بە کوردستان و پێشمەرگە و کێشەی نەتەوایەتی کورد کرد و پشتیوانییان لەو دۆزە رەوایە کرد و بوونە هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و میللەتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

لە بارەی گرنگی رۆڵی میدیا لە کاری هونەریدا بەشێوەیەکی گشتی خاتوو نارین دەڵێ: گومانی تێدا نییە کە رۆڵی میدیا بۆ هونەرمەند زۆر گرنگە لە سەرتاسەری جیهان، بەڵام ئەوەی کە گرنگە میدیاکان بە هیچ شێوەیەکی بابەتی (نا راست) دەربارەی هونەرمەندان بڵاونەکەنەوە، بەداخەوە لە کوردستان ئەمە گرفتێکی گەورەیە، زۆر جار هەواڵ و بابەتی نادروست بڵاودەکەنەوە، بۆ نموونە من وەك هونەرمەندێکی رۆژئاوای کوردستان بۆ من هیچ جیاوازییەك لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا نییە، کە ماوەی زیاتر لە دە ساڵە من لە بواری هونەریدام، بەداخەوە تا ئێستا هەندێك رۆژنامەنووس نازانن من لە کام پارچەی کوردستانم و زۆر جار زانیاری نادرووست لەسەر ژیانی من بڵاوکراوەتەوە ئەمەش مایەی شەرمەزارییە، هیوادارم راگەیاندن خزمەت بە هونەر بکات، بەڵام خزمەتێکی درووست بکەن.





## کاتی پرایس دەیەوێ گورچیلەیەکی خۆی ببەخشێت

کچە نمایشکار و ئەکتەری ناساوی بریتانی کاتی پرایس رایگەیاند کە هەوڵ دەدات بە هەموو شێوەیەك دایکی لەونەخۆشییە کوشندەیە رزگار بکات کە تووشی بووە تەنانەت ئەگەر پێویست بوو ئامادەیە ئەندامەکانی لەشیشی ببەخشێت بەتایبەتی گورچیلەی.

پێش مانگێك کاتی رایگەیاند کە دایکی تووشی نەخۆشی پوکانەوەی گورچیلە بووە و نەخۆشییەکەشی زۆر قورسە و زۆر بە زەحمەت دەتوانێت هەناسە بکێشێت تەنانەت مەترسی لەسەر ژیانی هەیە و گۆڕینی گورچیلەش یەکێکە لە چارەسەرییەکان، پرایس لەو بارەوە زیاتر وتی : ئێستا بە جددی بیر لە بەخشینی یەکێك لە گورچیلەکانم دەکەمەوە بۆ دایکم کە پێویستییەکی زۆری پێی هەیە، بەڵام دڵنیا نیم لەوەی کە نەشتەرگەرییەکەی دایکی بە بەخشینی گورچیلەکەی سەرکەوتوو دەبێت و لە مردن رزگاری دەبێت یان نە.

لەم حاڵەتەدا پێویستە گورچیلەیەکەی فڕێ بدرێت و یەکێکی دیکەی بۆ بچینرێت و زۆر جار ئەو گورچیلەیە لە کەسانی مردوو وەردەگیرێت پێش ئەوەی تێك بچێت، بەڵام هەندێك کەسانی زیندووش گورچیلەی خۆیان دەبەخشن، هەرچەندە نەشتەرگەرییەکە زۆر سەختە و ئەگەری ئەوەی هەیە نەخۆشەکە تەنیا ماوەی دوو تا سێ ساڵی دیکە بژیت.



## دزەکەی کیم داوای لێبووردنی لێدەکات

دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر رووداوی دەستگیرکردن و دزینی چەند کەلوپەلێکی کیم کارداشیان لە فەرەنسا لەلایەن کەسێکەوە، هەمان ئەو کەسە نامەیەکی بۆی نارد و داوای لێبووردنی لێکرد بۆ ئەو کارە و بە نەشیاوی دانا.

لە نامەکەیدا کە بە دەست و بە زمانی فەرەنسی نووسراوە ئەو کەسە کە ناوی ئامور ئەتیکداشە و تەمەنی ٥٠ ساڵە دەڵێ: هەست بە پەشیمانییەکی زۆر دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە نەشیاوە، دوای ئەوەی زانیم کە رووداوەکە کاریگەرییەکی زۆری لەسەرت هەبووە و هەست کردنم بەو ئازارە دەروونییەی کە تووشی بووی لە ئەنجامی ئەو کارە نەشیاوە، بریارمدا ئەو نامەیەت بۆ بنووسم.

لە درێژەی نامەکەیدا دەڵێ: ئامانجم لەو نامەیە بە هیچ شێوەیەك ئەوە نییە کە هاوسۆزی تۆ بە دەست بهێنم، بەڵکو وەك مرۆڤێك نامەکەت ئاراستە دەکەم بۆ ئەوەی پێت زۆر پەشیمانم و زۆریش دڵتەنگ بووم کاتێك فرمێسکەکانی تۆم بینی، دەمەوێ پێت بڵێم کە من هاوسۆزی تۆم بۆ ئەوە ئازارەی لە ئەنجامی ئەو کارە ئێوە و منداڵ و خانەوادەکەت چەشتۆتانە.

لە کۆتایی نامەکەشدا دەڵێ: هیوادارم ئەم نامەیە ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هێواش هێواش ئەو شۆکە لە بیر بکەی کە بە هۆی منەوە تووشی بووی.



## یەڵدا عەباسی:

# مۆسیقای کۆن و رەسەن لە خوێنمدایە

یەڵداعەباسی یەکێکە لە هونەرمەندە بە تواناکانی کوردانی خوراسان کە هەرچەندە خوێندنی تا رادەیەك لە هونەرەوە دوورە، بەڵام ئەو توانیویەتی پەرە بە هونەرەکەی بدات و بە هاوکاری دایکی ببێت بە یەکێك لە هونەرمەندە ناسراوەکان لە نێو کوردانی خوراسان و جگە لە گۆرانی وتن و ژەنیاری یەڵدا لە نواندنیشدا جێ دەستی دیارە.

یەڵدا لە دایکبووی شاری شێروانە و لە تەمەنی پێنج ساڵیدا بەشداری لە نواندندا کردووە، لەم بارەیەوە دەڵێ: یەکەم ئەزموونی هونەریم لە تەمەنی پێنج ساڵی بوو ئەویش فیلمێکی مۆسیقی بوو لە دەرهێنانی دایکم، دواتر لە تەمەنی یازدە ساڵیدا رووم لە ژەنینی ئامێری دووتار کرد لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی بە توانا لەو بوارە وەك ماجد ئەحمەد و هەردوو برا رەمەزان و مامۆستا فەرید، سوپاس بۆ خوا ئێستا لە ژەنینی ئەم ئامێرە سەرکەوتووم، لەمەشدا رۆڵی سەرەکی بۆ دایکم دەگەڕێتەوە کە رێگای پێنیشاندام و هاوکاری کردم و تا ئێستاش بەردەوامە لە هاوکاری کردنمن هەروەها ناکرێ رۆڵی باوکیشم لە یاد بکەم.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی بواری مۆسیقا یەڵدا دەڵێ: مۆسیقای کۆن و رەسەن لە خوێنمدایە و من لەگەڵی ژیاوم، بۆیە بواری مۆسیقام هەڵبژارد لە نێو چەندین بواری دیکە، هەروەها هەوڵ دەدەم لە رێگای هونەرەکەمەوە مۆسیقای دەڤەرەکەم بپارێزم و پەرەی پێبدەم، چونکە جەماوەری ئەم مۆسیقایە زۆرە لە نێو کوردانی خوراسان و هونەرمەندانیش خەبات دەکەن لەم پێناوەدا، دەبێ ئەوەش باس بکەین کە زۆر لە ئافرەتان هەن توانیویانە لەگەڵ گرووپە هونەرییەکان شان بە شانی پیاوان کاری مۆسیقا بە باشی ئەنجام بدەن و شوێن پەنجەیان دیارە.

## دیلانار یەلدز:

# بەشێک لە گۆرانیبێژان هونەریان سووک کردووەو کاری زۆر خراپ بەناوی هونەرەوە دەکەن



**کچە هونەرمەندی باشووری کوردستان دیلانار یەلدز، لە گەڤەرێ باکووری کوردستان لەدایکبووە، لە ئیستەنبووڵ گەورە بووەو خوێندوویەتی و ئێستا لە باشووری کوردستان دەژیت و کاری هونەری دەکات. ئەو وەکو یەکەمین کچە ئۆپێراخوێنی باشووری کوردستان خۆی دەناسێنێت، کە یەکێکە لە هونەرە سەخت و ناودارەکانی ئەورووپا، بەڵام دەڵێت خەریکە ئەو هونەرەی لە باشووری کوردستان لەبیردەچێتەوە، چونکە هیچ شوێنێک نییە کە بەردەوامی بەو کارەی بدات، لە دەرفەتێکدا گولانی هونەری دیمانەیەکی لەگەڵ کرد و ئەویش بەم شێوەیە هاتەئاخافتن.**

سەبارەت بە نازناوی خۆی دیلانار دەڵێ: لە وڵاتی تورکیا هەر کەسێك دەبێت نازناوێکی هەبێت، ئەوانیش نازناوی یەلدزیان بۆ من زیاد کردووە، لە هەرێمی کوردستانیش من ناوم دیلانارساڵحە، چونکە باوکم ناوی ساڵحە، بەڵام لە تورکیا جیاوازی هەیە، سەبارەت بە ناوەکەشم دوو مانای هەیە، بە کوردی مانای ئاگری شادییە و بە تورکیش واتە دلبەر، یان دڵان دەدزێت، بەمشێوەیە لە زمانی تورکی وەسف دەکرێت، من تاوەکو ئێستا لە کوردستان گوێم لە ناوی دیلانار نەبووە، بەڵام پێدەچێت لەمەودوا ئەم ناوە لە کوردستانیش زۆر بێت.

سەبارەت بە بە ژیانی خۆیشی دەڵێت: من لە گەڤەرێ لە دایکبووم، بەڵام لە ئیستەنبووڵ گەورەبووم و خوێندوومە، دایك و باوکم لە باشووری کوردستان لە دایکبوون، باوکم بە رەچەڵەك خەڵکی سەرسینگ و دایکیشم خەڵکی ئامێدییە، کەواتە من خەڵکی باشووری کوردستانم، بەڵام من هەرچوار پارچەی کوردستان بە ماڵی خۆم دەزانم.

دەربارەی سەرەتاکانی کاری هونەریی و هاتنی بۆ نێو ئەم بوارە دەڵێت: من لەسەرەتاوە حەزم لە گۆرانیگوتن نەبوو، زۆر شەیدای نواندن بووم، حەزم دەکرد ببمە ئەکتەر، بەڵام لە گەڤەرێ هیچ شوێنێك نەبوو من تێیدا فێری ئەو هونەرە بم، بەڵام هەموو خەڵکی دەیانگۆت تۆ دەنگت خۆشە بۆ نابیتە گۆرانیبێژ، ئیدی لە چەند بۆنەیەك گۆرانیم گوت و دەنگدانەوەی زۆری لە نێو خەڵکدا هەبوو، دواتر باوکم گوتی دەبێت تۆ بەشێوەیەکی زانستی میوزیك بخوێنیێ و بە ئاواتەکەت بگەیت، هیوادارم هەموو باوکێك وەکو باوکی من بیر بکاتەوە، چونکە ئەو بەردەوام هاوکاری من بووە، بۆیە هاتمە ئیستەنبووڵ و لەوێ لە کۆرسێکی شەش مانگی بەشداریم کردو یەکەم بووم و دواتر لە زانکۆی پارە، کە زانکۆیەکی زۆر بەناوبانگی تورکیایەو تایبەتە بە هونەری لەوێ لە بەشی ئۆپێرا وەرگیرام و پێنج ساڵ خوێندم، ئێستا من مامۆستای دەنگم، دواتر دەستم بەکاری گۆرانیگوتن کرد.

سەبارەت بە ئۆپێرا دیلانار دەڵێت: من بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی خوێندنی ئۆپێرام تەواو کردووەو یەکەمین کچم لە باشووری کوردستان ئەو بڕوانامەیەم هەیە، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان ئەم هونەرە مەزنە فەرامۆشکراوە گرنگی پێ نەدراوە، چونکە ئۆپێرا هونەرێکی زۆر سەختەو لەهەماکاتدا زۆر گرنگە لە باشووریش ئەم هونەرە ئاوڕی لێ بدرێتەوە. من دوو ساڵە گەڕامەتەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام هیچ دەرفەتێك بە من نەدراوە ئەم هونەرە ئێرە پەرە پێ بدەین، لەگەڵ ئەوەشدا خەریکە منیش ئەو هونەرەم بیر دەچێتەوە، چونکە ئەگەر رۆژانە پرۆڤەو راهێنان لەسەر دەنگ و ئۆپیرا نەکەیت، دەنگیت تێکدەچێت، هەڵبەتە کەش و هەوای کوردستانیش زۆر وشکە بۆ دەنگ خراپە، بەڵام ئیستەنبووڵ بەهۆی هەبوونی هەوای شێدار زۆر سوودی بۆ دەنگ هەیە، وەکو کرێمە بۆ گەروو.

دیلانار باس لە کاری هونەری نوێی دەکات و لەو باریەشەوە چەند بابەتێك دەخاتەڕوو: ئێستا کار بۆ دوو بەرهەم دەکەم، یەکێکیان جارێ ئاشکرا ناکەم، بەڵام گۆرانییەکی سۆرانیشم لەبەر دەستە کە دوای ماوەیەك تەواو دەبێت و دەکەوێتە سەر شاشەی کەناڵە کوردییەکان، بۆ یەکەمجار بە شێوەزاری سۆرانی گۆرانی دەڵێم، ئەم گۆرانییەش بە ریتمێکی شادە، دەمەوێت دڵی خەڵکی خۆش بکەین، چونکە گەلی کورد گەلێك ناخۆشی بینیوە، ئێستا کاتی خۆشی و هەڵپەڕینە. بەڵام ئێستا لە بەرنامەم نییە ئەلبووم بڵاو بکەمەوە، چونکە تاوەکو کۆپی رایتی نایاسایی لە کوردستان جێبەجێ بکرێت، ئامادە نیم ئەلبووم بخەمە بازاڕەوە، بە ئارەزووی خۆیان کۆپی بکەن و بیفرۆشنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخەکە لە کوردستان گونجاو نییە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبووم، دواتریش هێشتا تەمەنم بچووکە بۆ ئەلبووم بڵاوکردنەوە «بە پێکەنینەوە»، پێموایە گۆرانی سینگل باشترە.

دیلانار یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە کاریگەرە بە هونەرمەندە رەسەنەکان و لەو بوارەوە دەڵێ: کە دەستم بە گۆرانی گوتن کرد، بە گۆرانی خۆم دەستم پێکردو لاسایی کەسم نەکردووەتەوە، بەڵام هەست و ئەداو تام وچێژی گۆرانی دەتوانیت لاسایی بکەیتەوە، بەڵام من هەمیشە گوتمە کە بە گۆرانییەکانی تەحسین تەهاو ئەیاز زاخۆیی گەورە بووم و هەستی ئەم هونەرمەندە لە ناخمدا لەگەڵم گەورە بووەو سوودم لێ وەرگرتوون. لە هونەرمەندە گەنجەکانیش گوێ لەهەموویان دەگرم، بەڵام زۆر شەیدای دەنگی ئاشڤان فەرەجم، دەنگ و گۆرانییەکانی زۆر خۆش و بەچێژن، لە هونەرمەندە سۆرانییەکانیش زۆر زۆر حەز لە دەنگی ئەیوب عەلی و چۆپی فەتاح دەکەم، لای من ئەوان زۆر تایبەتن.

لە کۆتاییدا سەبارەت بە بوونی ئافرەتان لە بواری هونەردا گوتی: بە رای من کچانی دەنگخۆشمان گەلێك زۆرن، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان بە چاوێکی خراپ سەیری هونەرو هونەرمەندان دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا من ئەوانیش بە حەق دەزانم، چونکە بەشێك لە گۆرانیبێژان هونەریان سووك کردووەو کاری زۆر خراپ بەناوی هونەرەوە دەکەن، بۆیە لەبەر چاوی کۆمەڵگەی کوردی هونەریان ناشیرین و پیس کردووە.

